

# کۆمپیوتەری بێ شاشە و ماوس

کۆمپانیایەکی کوریایی جـۆرە کۆمپیوتەرێکی داهێناوە، کە تاکو ئێستـا نموونەی وەك ئەو لە هیـچ کۆمپانیایەکـی دیکە بەرهەم نەهاتـووە. ئـەو کۆمپیوتـەرە نوێیە کە بـە B-Membrane ناسـراوە و کیبۆردێکی لەمسی هەیە، پاش هەڵبوونی کۆمپیوتەرەکە دوگمەکانی دەردەکەون، سەیر لەوە دایە ئەو کۆمپیوتەرە هیچ چەشنە شاشەیەکی نییە. لەبری شاشە پرۆژکتەرێکی زۆر پێشکەوتوو لەسەر کۆمپیوتەرەکە دانراوە، تاکو بەکارهێنەر وێنەکان لە سەر پارچەیەکی سپی بە دیقە و سایزی گونجاو ببینێ.



کۆمپیوتەری ناوبراو بۆ نیشـاندانی فیلمی سـینەمایی زۆر بەسوودە، چونکە لەگەڵ ئەوەی پرۆژکتەرەکەی بەهێزە، سیستەمی دەنگیشی زۆر پێشکەوتووە. هیچ چەشنە ماوسێك لە کۆمپیوتەرەکەدا نابیندرێ تەنیا دەکرێ بە پەنجەکان کۆنترۆڵ بکرێ.

## مێژووی لاپتۆپ بزانە

کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ تەمەنی هێشتا نەگەیشتۆتە سی ساڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لەو مێژووە کەمەیدا گۆڕانکارییەکی بێ وێنـەی بەخۆیەوە دیوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ داهاتووی لاپتۆپ زۆر گەشـەدارتر بێ لە ئێستـا و لاپتۆپ جێگای کۆمپیوتەری دیسکتۆپ بگرێتەوە.



ساڵی 1970 "ئالن کای" گەڵاڵەی دروسـتکردنی یەکـەم کۆمپیوتەری لاپتۆپی دارشـت، بەڵام نەخۆی و نە کۆمپانیای ئالن توانیان کۆمپیوتەری جـۆری لاپتۆپ بەرهەم بێنن، یەکەم لاپتۆپ لەلایـەن ویلیام مگریجی بەریتانـی لـە سـاڵی 1979 هاتـە بەرهـەم. رەنگە زۆر سـەیرە کە بڵێین ئـەو کۆمپیوتەرە هاردەکەی تەنیا 340 کیلۆبایت جێگای دەبۆوە.

هەرچەندە دەکرێ بڵێین ئەوە بیرۆکەی لاپتۆپ بوو، ئەگینا ئەو لاپتۆپە هیچ وەك لاپتۆپ نەدەچوو، پاشـان کۆمپانیای ئەپل کۆمپیوتـەری جـۆری Apple IIc بەرهەمهێنا کە ئەویش قەبارە و کێشەکەی زۆر گەورە بوو بەبێ شاشە کێشی 5 کیلۆ بوو، چونکە شاشەکەی بەجیا بوو.

لەسـاڵی 1986دا یـەکـەم لاپتـۆپ، لەلایەن کۆمپانیـای IBM هاتە بەرهـەم. کێشـی ئەو لاپتۆپە چوار کیلۆ و نیـو بـوو. هەرچەندە هـاردەکەی بەقەد دیسـکێکیش جێگای نەبوو، چونکـە هاردەکەی تەنیا 256 کیلۆ بایت بوو.




## فاکس بە خۆرایی بنێرە

گەرچی ئیمێل جێگای فاکسـی گرتۆتەوە، بەڵام هێشتاش بەتەواوی ئەو ئامێرە وەلا نەنراوە. ئێستـاکە زۆر سـایت هەن بە بێ بەرامبەر خزمەتگـوزاری بەرێکردنی فاکس بەرێوە دەبەن. سـایتەکانی eFax و faxZERO لـەو سـایتانەن کـە ئەو ئەرکە ئەنجـام دەدەن. بەڵام بـۆ بەرێکردنی فاکس چەند مەرجێکیان هەیە، یەکەم دەبێ فاکسـەکەت لە سێ لاپەرە زیاتر نەبێ، هەروەها رۆژانە لە دوو جار زیاتر فاکس بەرێ نەکەی.

## بەنکی سریال نەمبەر بنـــ

پرۆگرامی Product key explorer ئەو پرۆگرامەیە کە بە هۆی ئەوەوە دەکرێ سریال نەمبەری پرۆگرامەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت بدۆزێتەوە و دواتر بۆ ئەرکی پێویست سوودیان لێوەربگرن، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ سـریال نەمبەری زیاتر لە 1000 پرۆگرامی جۆراوجۆر بەدەست بێنن.

توانا سەرەکییەکانی پرۆگرامی Product key:

دۆزینەوەی سریالی کۆدە ون بووەکان.

ئەو پرۆگرامە دەتوانێ سـریال نەمبـەری کۆمپیوتەر یان تۆڕەکـەت خەزن بکات و لە بەرامبـەر دزی و کۆپی کردنی نایاسایی بیانپارێزێ.




# ئەو سایتانەی کە خزمەتگوزاری گرافیکی پێشکەش دەکەن

ئیدی لەمەولا باوی ئەوە نامێنێ کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت پرۆگرامی زۆر قورسی گرافیکی کە هاردی کۆمپیوتەرەکەت داگیر دەکەن بۆ دەستکاری کردنی وێنە دابەزێنی، ئێستا بەبێ دابەزاندنی هیچ پرۆگرمێك تەنیا لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەتوانی گۆڕانکاری لە وێنەکانی خۆتدا بکەی. سایتی Pixenate.com ئەو سایتەیە کە بەهۆی ئەوەوە دەکرێ وێنەکان دەستەکاری بکەی هەروەها سایتی picnik.comیش سایتێکی زۆر ناسراوە لەم بوارەدا کە تواناگەلی تایبەتی خۆی هەیە. سایتی Splashup.comیش یەکێکە لەو سایتە سەرنج ڕاکێشەکان بۆ دەستکاری کردنی وێنە، ئێوە دەتوانن وێنەکانی خۆتان لە سایتی فیس بوك یان پیکاسا، فیلکەر.. بەهۆی ئەو سایتەوە دەستکاری بکەی. سایتی ناوبراو تواناکانی بەقەد فۆتۆشۆپە. سایتی Flaunter.com تواناکانی زۆر بەرچاون و بۆ کاروباری وەك ڕێکخستنی ڕەنگ و تیشك بە ئاسانی سوودی لێوەردەگیرێ. جگە لەو سایتانەی ئاماژەمان پێدان، دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتەکانی Photoshop.com، drpic.com. iunapic.com بدەن.



# داهێنانی شاشەی لاستیکی

گرووپێك لە زانایانی بواری IT لە وڵاتی ژاپۆن توانیان جۆرە شاشەیەکی OLED بەرهەم بێنن کە دەتوانێ وەك لاستیك بکێشرێتەوە سایزەکەی گەورەتر بکەی، ئەو شاشەیە بەبێ ئەوەی دیقەی وێنەکان دابەزێنێت بەئاسانی بۆ هەر چوارلا دەکێشرێتەوە. شاشەکە حاڵەتێکی لاستیکی هەیە، لە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر دروست کراوە.

# موبایلەکان بە شەکر شەحن دەبنەوە



پسپۆڕانی بواری زانکۆی سانت لویس، باترییەکی نوێیان داهێناوە کە بە شەکر شەحن دەبێتەوە. ئەو باترییە توانای ڕاگرتنی شەحنی باتری تاکو 4 قاتی باتریی ئاسایی هەیە، لەگەڵ ئەوەدا باترییەکە ژینگە پیس ناکات و زۆریش بە سوودە. هەرچەندە ئێستا توێژینەوەی نوێتریش لەمبوارەوەدا هەیە، بە تێکەڵکردنی دوو زانستی کیمیا و بیولۆژی دەکرێ بگەیە ئاکامێکی سەرسوڕهێنەر. شەکر چونکە سەرچاوەیەکی گەورەی وزەی سووتەمەنی گیاندارانە. ئەوەی خاڵی سەرنج ڕاکێشە دوای ئەوەی کە شەکرەکە وەك مادەی سووتەمەنی باترییەکان سوودی لێوەرگیرا، ئاوەکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەو شەحنانە کاترێجی تایبەتیان لەگەڵ دایە کە پڕ دەکرێن لە شەکر.





# بۆ ئەوەی چاوەکانمان تووشی ئاوی سپی نەبی

سـەرەکیترین هـۆکاری تـووش بـوون بەنەخۆشی ئاوی سـپی "ئاوی مرواری" لە چاودا کەمبوونـی بینایيە لە تەمەنی پیریـدا، کێشـانی جگەرە و دانیشـتنی راسـتەوخۆ لەبەر تیشکی خۆر هۆکارێکن بۆ زیادبوونی ئاوی سپی لە چاودا.

هەروەهـا کەمبوونـی ڤیتامیـن A ش هۆکارێکە بۆ تووش بوون بەو نەخۆشـییە، بۆیە خواردنی سـپەناخ، کەلەم، کوارگ، گەڵێك بە سـوودن بۆ زیادبوونی ڤیتامین A و چوونە سەری بینایی چاو، پێویستە ئەوانەی تەمەنیان دەچێتەسـەرێ ئەو سێ گیایـە لـە خواردنی رۆژانەیاندا سـوود وەربگرن.

پاراسـتنی چاو لە هەوكردن و پیس بوون، شـەکرە و زەخت، دوورکەوتنەوە لە تیشکە زیانبەخشەکان، خواردنی پێویست هۆکارێکن کە ئەو نەخۆشـییە بـەرەو کەمی دەبەن.

پێویستە ئەوانەی تەمەنیان دەچێتە سەرێ چاویلکەی خـۆر بەکار بێنن، باشـترین رەنگەکانی چاویلکـەش رەنگی قاوەیی و سەوز و رەساسـییە. ئەو رەنگانە لە ئاست رەنگەکانی سروشـتدا گۆڕانکارییەکی لە خۆیان نیشان نادەن.

## ئافرەتی دووگیان چۆن دەتوانێت ئاستی هۆشیاری کۆرپەلەکە بزانێت؟

حاڵەتی رشـانەوەو هێڵنج هاتن لـە بەرەبەیاندا لە ژنانی دوو گیاندا نیشانەی لەسەرێ بوونی هۆشی کۆرپەلەیـە. دکتۆر "ئیرنا نولمن" لە توێژینەوەیەکدا لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا بۆی دەرکەوتووە، کە حاڵەتی هێڵنج هاتنەوەی ئافرەتانی دوو گیان هێمای زیرەکی بـەرزی کۆرپەلەکانە. ئەو توێژینەوەیە لەسەر 120 ئافرەت کراوە لە سەردەمی دوو گیانیدا تووشی ئەو حاڵەتە بوونە، پاشـان تاقیکاری لەسـەر زیـرەکی و هۆشـی ئەو منداڵانە کرا، لەو تاقیکارییەدا دەرکەوتـووە کـە زیرەکی ئەو منداڵانە لەسەرێ ترە کە دایکیان لە حاڵەتی دوو گیانیدا تووشـی حاڵەتی رشـانەوە و هێڵنج هاتن بوون. ئـەو حاڵەتە پەیوەندی بە دەردانی هۆرمۆنی دایکیانەوەیە کە کاریگەری لەسەر هۆشی منداڵەکە دەبێت.



## منداڵەکانتان لە تیشکی خۆر بپارێزن

سـووتانەوەی منداڵ بە تیشکی خۆر ئەگـەری هەیە لە داهاتوودا تووشـی نەخۆشی شـێرپەنجەی پێستی بکات، ئاگادار بوون لە منـداڵان لەبەرامبەر تیشـکی خـۆردا و هەروەها تیشـکە زیانبەخشـەکانی بۆ دایك وباوکان زۆر



گرنگە، هەرچەندە ئەو کارە زۆر ئاسان نییـە چونکە منداڵ بزۆزە و ناکرێ لە ماڵدا بەندی بکـەی. بەڵام ئەوپەڕی هەوڵ بدەن لە نێوان کاتژمێری 10 هەتا 2ی نیوەڕۆ ئـاگاداری منداڵەکانتان بن.

پێویستە منداڵ هاوینان کڵاوی لەسەر بـێ، چونکە کڵاو ناهێڵێت تیشـکی خۆر راسـتەوخۆ لە منداڵەکە بدات. بۆ دوورکەوتنەوە لەتیشـکی خۆر پێویستە کرێمـی تایبەت بە تیشـکی خۆر لە پێستی منداڵەکە بەتایبەت مل و دەم و چاوی بدرێ.

لـە هاویناندا خەڵك بـە زۆری جلی تەنـك لەبەر دەکات، کەچی جلی تەنك زیانـی زۆرە، چونکە تیشـکی خۆر ناگێڕێتـەوە بەتایبەتی گەر تەڕ بێت. هەربۆیە پێویسـتە جلی ئەستوور لەبەر منداڵەکانتان بکەن.



# چەند ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەچاندنی گورچیلە

لە ژمارە (733)ی گۆڤاری (گوڵان)ی ئازیز دا دیمانەیەك سەبارەت بەچاندنی گورچیلە لەگەڵ بەڕێز(د. مازن یونس محەمەد) دا سازدراوە، جا بۆ ئەوەی زانیاری ڕاست و دروست بخەینە بەردەم خوێنەران و جەماوەر پێویستە ئەم ڕاستییانە بخەینە بەرچاو:

1- سەبارەت بەوەی کە لە ماوەی دوو ساڵدا(120) نەشتەرگەری کراوە ئەم ژمارەیە وورد نییە، بەڵکو نزیکەی (180) نەشتەرگەری کراوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە ڕوو لە دەرەوە نەکەن.

2- سەرەتای دەست پێکردنی دیمانەکە جیاوازی زۆرە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی، چونکە(د. مازن) پسپۆڕە لە نەشتەرگەری (گورچیلە و میز) بەڵام پسپۆڕ نییە لە تیمی چاندنی گورچیلە لە هەولێر یان کوردستان.

3- یەك لەو پرسیارانەی کە ئاراستەی د. مازن دەکرێت سەبارەت بە گرینگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی لە کارکەوتن و پەککەوتنی ئەندامەکان دکتۆر نەیتوانیوە وەڵامێکی پڕ بە پێست بداتەوە، لە وەڵامدا دەڵێم نەخۆشییەکان زۆرن کە دەبنە هۆی لەکارکەوتنی یەکجارەکی گورچیلە وەکو نەخۆشی شەکرە و بەرز بوونەوەی فشاری خوێن و هەوکردنی درێژخایەنی گورچیلە.

4- لە پرسیارێك دا هەر سەبارەت بە گورچیلە هاتووە ئەی ئەندامەکانی تر توانای چاندنی ئەندامی دیکەیان لەلەش دا نییە؟ ئەم پرسیارە لە ڕووی داڕشتنەوە زۆر لاوازە، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم ئەم بابەتە ناوەڕۆکەکەی لە سەرەوە تاوەکو خوارەوە لە پسپۆڕی و دەسەڵاتی ئێمە و دکتۆر(مازن) یش دا نییە بەڵام لە ڕووی چاندنی گورچیلەوە هەرکاتێك بەخشەرێك بیەوێت گورچیلە بدات ئەوا کارەکان ئەنجام دەدرێت، بەخشەریش دوو جۆرە، بەخشەری زیندوو، یان ئەوانەی بە کارەسات مێشکیان لەدەست دەدەن، لای ئێمە تەنیا بەخشەری زیندوو هەیە، کە ئەوانیش دوو جۆرن(خزم- بێگانە) تا بەخشەر ڕادەی خزمایەتی زیاتر بێت باشترە بەتایبەتی ئەگەر برا یان خوشك دایك و باوکی نەخۆشەکە بێت.



5- لە ڕووی زانستی و یاساییەوە، بۆ خۆبەخش لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێنراوە، لە ڕووی مێشك و دەروونییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت کە ئاخۆ تا چ ڕادەیەك گونجاوە، لە کاتی بەخشینی گورچیلەش دا پێویستە یەکێك لە خانەوادەی بەخشەرەکە ئامادە بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی ئاخۆ فشاری خراوەتە سەر یان نا یاخود بەکڕین و فرۆشتن ئەم کارە کراوە.

لە کۆتاییدا پێشنیاز بۆ گۆڤاری ئازیزی گوڵان دەکەین لە کاتی ئەنجامدانی هەر دیمانەیەك کە پەیوەندی بە زانستی پزیشکیەوە هەبێت ئەوا پەیوەندی بە سەندیکای پزیشکان یان لایەنی پسپۆڕەوە بکرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

*پ. ی.د. پشتیوان هاشم بەزاز*
*سەرۆکی چاندنی تیمی گورچیلە لە کوردستان*
*ڕاوێژکار لە بواری نەشتەرگەریی و میزەڕۆ*
*ڕاوێژکاری وورد لە بواری چاندنی گورچیلە*

# چۆنییەتی خۆ دوورخستنەوە لە بۆنی ئارەقە



وەرزی هاوین و بۆنی ئارەقە پێکەوە پەیوەندییان هەیە، لە وەرزی گەرمادا مرۆڤ زیاتر ئارەقە دەکات و بۆنی ئارەقەی زیاتر دێت، هەرچەندە ئارەقە کردن دیاردەیەکی سروشتییە، ئارەقە بۆ تەڕ ڕاگرتنی پێستی لەشە، هەروەها دەبێتەهۆی ئەوەی کە مادەی زیادە لە جەستە بێتە دەر. بەڵام ئەگەر بۆنی ئارەقە بێت ئیدی نەتەنیا زیانی بۆخۆت بەڵکو بۆ دەوروبەرەکەشت هەیە. خودی ئارەقە بەتەنیایی بێ بۆنە، بەڵام بەکتریاکانی سەر جەستە تێیدا گەشە دەکەن و ئەوان بۆنی ئارەقە بۆگەن دەکەن، هۆکاری ئەوەی کە بن هەنگڵ دەوروبەری ڕانەکان زیاتر ئارەقە دەکەن، ئەوەیە کە چونکە ئەو شوێنانە مادەی پرۆتینی و چەوریان تێدا کۆدەبێتەوە کە بۆ خواردنی بەکتریاکان بەسوودە.

بۆ ئارەقە نەکردن پێویستە:

- بەهارات لە وەرزی هاویندا بەکار مەهێنن، هەروەها سۆس و، هێلکە.. بەڵام دەبێ مادەی شیرەمەنی بخۆن.
- بەردەوام حەمام کردن بە بە ئاو و سابوون و دوای حەمام دەستبەجێ خۆ وشك کردنەوە.
- جلی نایلۆنی بەکار مەهێنن چونکە جلی نایلۆنی دەبێتە هۆی ئارەقەی پتر کردن.
- جگەرە نەکێشان، جگەرە کێشان سەرەڕای ئەوەی کە بۆنی دەم و لوت ناخۆش دەکات، بۆنی ئارەقەش ناخۆش دەکات.
- مووی بن هەڵنگ و جێگا پێویستەکان بەردەوام بتاشن، چونکە ئەو شوێنانە ناوەندی پەرەسەندنی بەکتریاکانە.



## د. عەلی عەبدولڕەزاق دەباغ:

# هەڵگرتنی (زراو) بە ئامێری (پێنۆڕ) زۆرترین ئەو نەشتەرگەریانەیە کە لە شاری هەولێر بە ئامێری پێنۆڕ (ناظور) کراون

**ڕۆژبەڕۆژ بواری نەشتەرگەری پێشکەوتنی گەورە بەرچاو بەخۆوە دەبینێ، بەتایبەتیش نەشتەرگەری کردن بە ئامێری دووربین (ناوپۆشبین- پێنۆڕ) کە لەناو خەڵکدا (١٠)ساڵێکە ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە لە کوردستانیش دەکرێت و لەو بوارە لە کوردستان بەتایبەتیش لە شاری هەولێر دروست بێت، بۆ ئەوەی خوێنەران بیرۆکەیەک لەسەر ئەمجۆرە نەشتەرگەرییە و پێشکەوتنەکانی وەربگرن و گرنگی ئەو جۆرە نەشتەرگەرییە بزانین، ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ نەشتەرگەری پسپۆڕ(عەلی عەبدولڕەزاق دەباغ) سازدا.**

ئا: سۆلاف





*** ئەمجۆرە نەشتەرگەرییە لە کەیەوە دەستی پێکردووە و چ وڵاتێك دەستی باڵای لە پێشخستنی ئەم لایەنەی نۆژداری هەبووە؟ بەکورتی پوختەیەکی مێژوویی سەرهەڵدانی نەشتەرگەری بەدووربین(نازور)مان بدەیە؟**

- جارێ با پێناسەیەکی ئەم لایەنە نۆژدارییە بکەین، ئینجا بێینە سەر لایەنە مێژووییەکەی، ئەمرۆ (پێنۆڕین- تنظير) بۆخۆی زانستێکە، بایەخی لە بایەخی زانستەکانی دیکە کەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبێت، ئەم زانستەش تایبەتە بە دیتن و سەیرکردنی ناوەوەی لەش، ئەوەش بە بەکارهێنانی هاوێنەی تازە بابەتەوە(العدسات الحديثة) دەبێت، بێجگە لە دیتنی ناوپۆشی لەش، چاککردنەوە و چارەسەرکردنی ئەو ئەندامەشی پێدەکرێت کە تێکچووە یان لەکارکەوتووە، ئەو چارەسەر کردنەش بە بەکارهێنانی هەندێ کەرەستە و ئامێری تایبەتەوە دەبێت کە بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە و پەرە پێدراوە.

- ئەم زانستە ئەمڕۆ ئەوەندە گەشەی کردووە، بەهۆیەوە نۆژداری (بەهەموو لق و پۆپەکانییەوە) دەتوانێ شوێنی وەها لە لەش ببینێ کە پێشتر مەحاڵ بوو مرۆڤ پێبگەشتبایە.

ئێستا پزیشك کوێی لەشی نەخۆشی بووێ، دەتوانێ بە ئامێری پێنۆڕینەوە بیگاتێ و ببینێ و چارەسەریشی بکات.

جاران بە بەکارهێنانی چەقۆ و هەڵقلیشان و هەڵدڕاندنی ڕووبەرێکی زۆروگەورەی لەش ئینجا نەشتەرگەرییەك دەکرا، ئێستا بە ئامێری پێنورین(ناظور) بەکردنەوەی تەنیا کونێکی زۆر بچوکەوە کە نەهێندە ئێشی هەیە و نە هێندەش خوێنی لەبەر دەڕوا ناوپۆشی لەشی مرۆڤ(واتە ناوەوەی لەشی) مرۆڤ دەبینرێ و نەشتەرگەری دەکرێت.

*** ئەوجا ئەو پێنۆڕە (یان وەکو لەناو خەڵکی پێی دەڵێن نازور) چییە و چۆن ئیش دەکات، لەکەیەوە و چۆن گەیشتە ئەم قۆناغە پێشکەوتووەی ئێستا؟ خۆ جاران کەس هەر نەشیدەزانی (نازور) چییە؟**

- وایە، بەڵام لای ئێمە مێژووەکەی تازەیە، دەنا خۆی لای کەسانی دەی مێژوویییەکی کۆنی هەیە، بەخۆی پێنۆڕ(نازور) بەگشتی بریتییە لە بۆرییەکەی درێژ هی وا هەیە نەرمە، هی واش هەیە رەقە، هاوێنەیەکی چاوی بچوك لە کۆتایی ئەم بۆرییە دانراوە، واتە کۆتاییەکەی بە کامیرایەکی بچوك ڕێکخراوە، ئەوجا ئەو بۆرییە بە ڕێگەی کەناڵی یا تونێلی تایبەتییەوە بەو کامیراییەی کە لەسەریەتی و کە پزیشك مەبەستییەتی، ئەو وێنانە لە ڕێگەی کۆتایی پێنۆڕێکی دیکەوە کە ئەویش هەر لە پێنۆڕ (نازور) یان شاشەیەکی تەلەفزیۆنی یانیش پێنوڕ و شاشەی تەلەفزیۆنی هەردووکیان پێکەوە، وێنەکە دەگوێزرێتەوە و دیمەنی ئەو شوێنەی کە وێنەی دەگرێ و پەخشی دەکات، پیشان دەدرێت، جا ئەگەر لەلایەنە مێژووییەکەیەوە سەیری بکەین، مێژووی پزیشکی پێمان دەڵێ یەکەم کەسێك کە پێنۆڕی بەکارهێنابێت زانای ئەڵمانی (نتسە-nitse) بوو، کە بۆ یەکەمجار و یەکەم کەس بوو ساڵی (١٨٧٩ز) پێنۆڕی بەکارهێنا، ئەم زانایە بە(پێنۆڕ) تەماشای میزڵدانی کرد، پاشان یەکەم کرداری دەستنیشانکردنی نەخۆشی بە پێنۆڕ ساڵی (١٩٠٢ز) بوو کە پزیشکێکی ئەڵمانی بەناوی(کێلینگ-kelling) ئەو هەستا و پفکردنی سکی سەگێك بە هەوا، ئەوجا بە پێنۆڕی تەماشکردنی میزڵدان(cystoscope) تەماشای ناو سکی کرد، ساڵی (١٩١٨ز) نەشتەرگەری ئەڵمانی (گوتسە-Goetze) ئەو دەرزییەی کە ئێستاکە بەکادێت بۆ پفکردنی ناو پۆشی سك و پڕکردنی بەهەوا بەبێ هیچ مەترسییەك، پێش ئەوەی هیچ کردارێکی نەشتەرگەری بکرێت، ئەو زانایە بوو دایهێنا- پاشان ساڵی ١٩٣٨(د.ڤیرس-verres) کە هەر قوتابی (گوشە) و هەنگاری بوو، پەرەی پێدا و چاکتری کرد.. دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەنگاوی یەکەمی تەماشاکردنی ناوەوەی لەشی مرۆڤ بە ئامێری پێنۆڕ (نازور) لەسەر دەستی پزشکی ئەڵمانی(کاك kalk) ساڵی (١٩٤٢)بوو، ئەو بۆ یەکەمجار پارچەیەکی بچوکی (خزعة) لە جگەر بە (پێنۆڕ) لێکردەوە، تاوەکو(٢٠٠٠) حاڵەتی بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا، دەرگایەکی گەورە و فراوانی خستە سەریشت، بۆیە هیچ پێت سەیر نەبێ کە دەبینی ئێستا کۆمپانیا ئەڵمانییەکان سەردەستەی هەمووکۆمپانیاکانن لە جیهاندا لەو بوارە و ئەو عەرشیان داگیرکردووە.

چونکە ئەوان بوون یەکەمجار هاتنە ئەو بوارە و هەر ئەوانیش بایەخی زۆری خۆیان دایە ئەو بوارە و بە تەواوەتیش پەرەیان پێدا... ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو، هەنگاوی دووەم لە بواری نەشتەرگەری ژان و لەدایکبوون بوو.

نەشتەرگەرانی ئەڵمانی ستایلێکی نوێیان لە بواری نەشتەرگەری ئافرەتان و حاڵەتەکانی لەدایکبوون داهێنا بەوەی بە پێنوڕەوە ئەو جۆرە نەشتەرگەریانەیان بۆ ئافرەتان دەکرد کە پێشتر بە ڕێگەی کلاسیکی دەکرا، ئەوان زۆربەی ئەو نەشتەرگەریانەیان بە پێنوڕ کرد، لە هەموشیان بەناوبانگتر نەشتەرگەری ئەڵمانی بەناوبانگ (کورت زم-kurt semm) بوو کە بۆ یەکەمجار نەشتەرگەری هەڵگرتن و لێکردنەوەی ڕیخۆڵە کوێرە بە (پێنوڕ)کرد، هەر بە خۆشی دامەزرێنەرانی زانستی منداڵبوون و پزیشکی و نەشتەرگەری ئافرەتانی فێری ئەو زانستە تازەیەکرد، بەتایبەتیش پزیشکی ئەمەریکی (جۆن مۆریسرن john morrion) کە خەڵاتی مامۆستا (کورت زم)ی لەسەر راسپاردەی خۆی پێدرا، ساڵی (١٩٩٢ز)یش نەشتەرگەری ئافرەتان (کیرت سم) یەکەم نەشتەرگەریی هەڵگرتنی ڕیخۆڵەکوێرەی ئەنجامدا... پاشان ساڵی (١٩٨٥ز) پرۆفیسۆری ئەڵمانی(ئیرچ موها- Erich muhe) سەرۆکی بەشی نەشتەرگەری لە زانکۆی(بۆبلنجن)ی ئەڵمانی یەکەم نەشتەرگەری هەڵگرتن و لێکردنەوەی (زەرداوی)ی بە پێنۆڕ(نازور) ئەنجامدا.

*** دوای پیشاندانی ئەم مێژووە پرشنگدارەی ئەم لایەنەی پزیشکی، دیارە دەبێ ئەمڕۆکە ئەم بوارە زۆر پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینی بێ، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا چەند جۆری پێنۆڕ(نازور)مان هەیە، ئێدی پزیشك و نەشتەرگەر بۆچی و چ جۆرە کارێك بەکاری دێنن؟**

- دروسـتە، ئەمڕۆکە ئەم لایەنەی پزیشـکی زۆر زۆریش گەشەی کردووە و پێشکەوتووە و جۆرەها و چەشنەهای پێنۆڕ(نازور)مان هەیە، بەڵام دەتوانین هـەر هەموویان لەدوو جۆری سـەرەکیدا پۆلینیان بکەین:

**یەکەم:** ئـەو نازورانەی کە بۆ دەستنیشـانکردن و دیاریکردنی نەخۆشییەکان بەکاردەهێنرێن، هەرچەندە دڵنیم ئەوانە نازوری دەستنیشـانکردنن، بەڵام کاری چارەسەرسازیشـمان پێدەکرێـت، بۆنموونە وەك ئەم پێنۆڕانەی خوارەوە.

١- وردبیـن و پێنۆڕەکانـی بەشـی سـەرەوەی کۆئەنجامی هەرس و گەدە(مناظیر الجهاز الهضمي العلوي).
٢- وردبیـن و پێنۆڕەکانـی بەشـی خـوارەوەی کۆئەندامی هـەرس (وردبینی کۆلـۆن- مناظیر الجهاز السفلي)
٣- وردبین و پێنۆڕەکانی کۆئەندامی هەناسەدان.
٤- وردبین و پێنۆڕەکانی کۆئەندامی میزوزاوزێ.
٥- وردبیـن و پێنۆڕەکانـی کۆئەندامـی زاوزێی مێینە.

**دووەم:** وردبین و پێنۆڕەکانی نەشتەرگەری:
ئەمانەش چەندین تایپ و جۆر و مۆدیلی تایبەتیان هەیـە و هەر یەکـەی تایبەتن بـە کۆئەندامێکی دیاریکراوی لەشـی مـرۆڤ کـە ئەمانیش ئەم جۆرانەن:

١- پێنۆڕەکانی (سك).
٢- پێنۆڕەکانی جومگەکان و چارەسەرکردنیان.
٣- پێنۆڕەکانی کۆئەندامی هەناسەدان و دڵ.
٤- پێنۆڕەکانی کۆئەندامی دەمار و مێشك.
٥- پێنۆڕەکانـی نەشـتەرگەری کۆئەندامی میز وزاوزێ.
٦- پێنۆڕەکانی نەشتەرگەرییەکان ناو سك:

بەهـۆی ئـەم جـۆرە پێنۆڕانەوە دەکـرێ جۆرەها نەشـتەرگەری ناو سـکیان پێبکرێـت، بێگومان ئەمڕۆکە ئەمجۆرە تەکنیکانە زۆر پێشـکەوتووبووە و بە هۆیەوە نەشـتەرگەر دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە هـەر بەش یا بۆشـاییەکی نـاوەوەی هەناو، بەبێ ئەوەی ناچار بێت بەچەقۆ سکی نەخۆش یا سنگی هەڵدڕێت.

بێگومـان ئەمجـۆرە نەشـتەرگەریانە بەهەمـوو پێوەرێك نەشتەرگەری تەواون، هەرچەندە هەندێ واتێدەگات کە گوایە ئەمجۆرە نەشتەرگەریانە تەنیا دروستکردنی کونێکی بچووك و سادەیە و پێویست بە بەنجکردنی نەخۆش ناکات و خۆی کارەکە هەمووی سـادەیە..!! بەڵام نەخێر وانییە کارەکە سادە نییە و نەشـتەرگەرییەکی تەواوە و نەخـۆش دەخرێتە ژێر کاریگەری بەنجی گشتی، واتە وەك هەر کردارێکی دیکەی نەشـتەرگەری نەخۆشـی بەنجی گشتی لێدەدرێت ئینجا بە پێنۆڕ نەشتەرگەری بۆ دەکرێت.. ئەوەندە هەیە لە نەشـتەرگەری بە پێنۆڕ پێویسـت ناکات بستێك سکی یا سنگی بکەیتەوە.

١- نەخـۆش هەڵزڕێنین، بەڵکو لـە جیاتی ئەوەی برینێکـی وەها گەورە دروست بکەین کونێکی نیو تا یەك سـانتیمی دەکەینەوە و لەو کونەوە پێنۆڕەکە دەهاوێینـە نـاو هەنـاوی یا سـنگی نەخۆش و نەشتەرگەرییەکەی بە تەواوی تەواو دەکەین.

٢- پێنۆڕی جومگەکان و نەشتەرگەری کردنیان:
بەناوبانگترین ئـەو نەشـتەرگەرییانەی بەمجۆرە پێنۆڕانە دەکرێن، نەشتەرگەرییەکانی چۆکە، جاران بەکردنەوەی برینێکی گـەورە لە چۆك دەکران، کە بێگومان بێ مەترسـیش نەبوون، بەڵام ئێستاکە بە ڕێگەی ئامێری پێنۆڕەوە بەشـێوەیەکی زۆر ئاسان دەکرێـت و نەخۆش هەر ئـەو ڕۆژی دوای ئەمانی کاریگەریی و ئاساوارەکانی بەنج لەسەری، دەتوانێ بچێتەوە ماڵەوە، ئەگەر بمانەوێ نەشـتەرگەریەکی چـۆك بکەین، بە ئامێری پێنـۆڕ، ئەوە دوو کونی بچووك کە لە نیو سـانتیمەتر گەورەتر نییە، لەسەر چـۆك دەکەینـەوە، لە ڕێگـەی ئـەم دوو کونەوە هـەم تەماشـای نـاوەوەی چۆك دەکەیـن و هەم نەشتەرگەریشـی بۆ دەکەین، ئەوجـا نەك هەر بۆ چۆك بەڵکو بۆ جومگە گەورەکانی لەشیش هەروایە وەکو جومگەی شان و حەوزوران و ...تد

٣- پێنۆڕی نەشتەرگەریکردنی کۆئەندامی هەناسە ودڵ:
لە نەشـتەرگەری کلاسیکیدا دەبوو لەو لایەنەی کە پێویست بوو کرداری نەشـتەرگەری بکرێت، دەبوو سنگ هەڵدرابا، ئینجا ئەو سنگ هەڵدرانە چ بۆ لێکردنەوەی گرێیەك: یا برینی سیپەلاك، یا بەشێکی بایە، یانیش لەبەر حاڵەتێکی کتوپڕ و ناکاوی خوێن لەبەر ڕۆیشتن، یان لەبەر پێکانێك بایە، بەڵام بەهۆی ئامێری پێنۆڕەوە پێویسـت ناکات بستێك سنگ بە چەقۆ بدڕێندرێت و ئەو برینە گەورەیە لە مرۆڤەکە بکرێت، بەڵکو (٢-٣)کونی لا ڕۆخ و لاتەریب بەسە کە هەر کونەی یەك دوو سانتیمەتر ڕەت نادات.

هەروەها هـەر بە پێنۆڕ دەتوانرێ نەشـتەرگەرییە گەورەکانـی دڵ بکرێت، وەکـو گوتمان بێ ئەوەی سـنگ شـەق بکرێت و هەڵزڕێنرێـت، جا چ بۆ گۆڕینی زمانەکانی دڵ بێت یان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشـی و کیماسـییە بۆ ماوەیەکان و نەخۆشییە زگماکیەکان بێت.

کە جاران دەبوایە قەفەزەی سـنگ بشکێندرابایە و بکرابایەوە تاوەکو پزیشـکی نەشتەرگەر بیتوانیبایە بگاتە دڵ و بۆڕییە خوێنەکانی.

٤- پێنۆڕی نەشتەرگەرییەکانی کۆئەندامی دەمار ومێشك.
مـادام دەتوانیـن بە پێنـۆڕ بگەینە ناو بۆشـی هەناو سـنگ، ئاساییە بگەینە بڕبڕەی پشتیش و تەماشـاکردنی مێشـك و ئەنجامدانی وردترین و ئاڵۆزترین نەشتەرگەری کردنی.

٥- پێنۆڕی نەشتەرگەری کۆئەندامی میزوزاوزێ:
ئەگـەر ئەندامێکی نـاوەوەی کۆئەندامی میزەڕۆ پێویستی بە کردارێکی نەشتەرگەری وەك لێکردنەوە و برینـی گورچیلە یان گرێیەکی سـەر گورچیلە یان هەڵگرتنی ڕژینی تەنیشـت ڤایرۆسی بێت، بە نەشتەرگەری کلاسیکی دەبێ برینێکی بەلایەنی کەم (٢٠)سانتیمی بکرێتەوە، برینێکی ئەوەندە گەورەش وەکو ڕۆژی ڕووناك شـوێنەکەی لەسـەر لەشـی مرۆڤەکـە بەدیاردەکەوێ و برینێکـی وەهاش بزانە دیمەنەکەی چەند قێزەون دەبێ بەلای نەخۆشەکەوە، بـەڵام بە پێنۆڕ وەك گوتمان بـە کونێك یا دووانی بچووك دەتوانین ئەو نەشتەرەگرییە بکەین چ لەشیش هەڵنەزڕێنین.

پێنـۆڕ بێجگـە لەو بوارانە ئێسـتاکە لـە بواری نەشـتەرگەری جوانکاریش بەکاردێـت، بۆ نموونە چارەسـەرکردنی قەڵەوی لەڕادەبەدەر وەك گۆڕینی ڕێـڕەوەی خـۆراك و بچووککردنـەوەی گـەدە و دەرهێنانی زێدە بەز...تد.

*** گەوایە بەم پێیە بێت دەبێت نەشتەرگەری کردن بە پێنۆڕ لە نەشتەرگەری ئاسایی( یا کلاسیك) باشتر و جێی متمانەتر بێت و ڕەنگە لەدوارۆژیشدا جێگەی نەشتەرگەری کلاسیکی بگرێتەوە لە ڕووی زانستی نەشتەرگەرییەوە نەشتەرگەری پێنۆڕ بەچی لە هی کلاسیکی باشترە؟**

- بەڵـێ وایە، بـەم هۆیانەی خوارەوە باشـترە کە بەکورتی دەیانژمێرم:
١- کەمکردنەوەیەکـی زۆری ئـازاری دوای نەشـتەرگەری، دیارە لە نەشـتەرگەری کلاسیکدا نەخۆش پاش نەشتەرگەری دووچاری ئازارێکی لە ڕادەبەدەر دەبێت، بەڵام بە نەشتەرگەری بە پێنۆڕ ئەو ئازارە ناچێژێت.
٢- تووشـبوون بـە هاوکردن و سـووتانەوەی پاش نەشـتەرگەری لە نەشـتەرگەری پێنۆڕدا هەر زۆر کەمە.
٣- بەماوەیەکـی زۆر کەم چاك دەبێتەوە و دەچێتەوە باری ژیانی ئاسایی خۆی و چ پێویستی بەو ماوە زۆرە نییە لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە.
٤- جێی برین و لەکە و شـێواندنی لەشی تێدا زۆر زۆر کەمە.
٥- ڕێژەی پێکەوەنووسـان(الالتهاقات) کە لەوانەیە ببێتە هۆی گیرانی ریخۆڵە و تووشـبوون بە فتقی نەشـتەرگەری زۆر کەمە، سـەبارەت بـە لایەنە خراپەکانی، یا ماکەکانی نەشـتەرگەری بە پێنۆڕ دەڵێ چی؟

- ئەگەر ئەو پزیشکەی کو نەشتەرگەرییەکە دەکات پسپۆڕ و لێوەشاوە بێ و مەشقی باشی کردبێ، پێنۆڕ ماکی زۆر کەم و دەگمەنە، ئەگەر نەخۆش تووشی شتێك ببێ ئەوە تەنیا پەیوەندی بە لایەنی بەنجکردن یا نەخۆش لە نەخۆشـخانەوە هەیـە، پەیوەندی بە نەشتەرگەری بە پێنۆڕەوە نییە.

*** بۆ خۆتان لە نەخۆشـخانەکانی هەولێر ئەو جۆرە نەشتەرگەریانە دەکەن؟**

- لەسـەرەتای هەزارەی سـێیەمەوە واتە لە ساڵی (٢٠٠٠)وە ئـەو جـۆرە نەشـتەرگەریانە بە پێنۆڕ دەکرێت، کە لەو کاتییەوە تا ئێستا وردە وردە زیادی کردووە.

نەشتەرگەری هەڵگرتنی (زراو) بە پێنۆڕ ئەمڕۆ لە هەموو ئەو نەشـتەرگەریانە زیاتر دەکرێت کە پێنۆڕ دەکرێن، ئەوە لە دنیاشدا هەر وایە چونکە نەخۆشی بەردی زراو نەخۆشـییەکی زۆر بـڵاوە لە جیهاندا پێشتر سـاڵی چەند نەشـتەرگەریەکم بە ڕێگەی کلاسـیکی بۆ هەڵگرتنی (زراو)، بەڵام لە ساڵێکدا پتر لە (٢٥٠)نەشتەرگەری (زراو) بە پێنۆڕ دەکەم، لە ماوەی ئەو پێنج سـاڵەی دوایش ژمارەی ئەو نەشتەرگەریانەی کە بۆ هەڵگرتنـی (زراو)م بە پێنۆڕ ئەنجام داوە لە (هەزار) نەشتەرگەری زیاترە.

**باشترین چارەسەر بۆ ئەوانەی کە گورچیلەیان لەکارکەوتووە، چاندنی گورچیلەی کەسێکی ترە**